لە بەندەری ئوم قەسری باکوور دەستبەسەر کۆمەڵێک دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی قاچاخدا گیرا

ئەمڕۆ شەممە دەستەی دەروازە سنوورییەکان هەوڵێکی بۆ بەقاچاخبردنی دەرمان و پێداویستیی پزیشکی لە بەندەری ئوم قەسری باکووری وڵات پۆچەڵکردەوە.

لە بەیاننامەیەکی دەستەکەدا هاتووە: بەڕێوەبەرایەتی بەندەری باکووری ئوم قەسر دەستی بەسەر کۆنتێنەرێکدا گرتووە کە دەرمان و ئامێر و پێداویستیی پزیشکی تێدابووە کە ڕاگەیەندراو نەبووە.

ئاماژەی بەوەشکرد : کۆنتێنەرەکە لەدەرەوەی کەمپی گومرگی لە خاڵی گەڕان و بەدواداچوون دانراوە و لە مامەڵەی گومرگی تەواوکراودا ناوی نەهاتووە، چونکە ڕەزامەندی دروستی وەزارەتی تەندروستی هەڵنەگرتووە و پشکنینی تاقیگەیی بۆ نەکراوە.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە : ڕاپۆرتی فەرمی دەستبەسەرداگرتن سەبارەت بە ڕووداوەکە ئامادەکراوە، و کەرەستەکان ڕەوانەی بنکەی پۆلیسی گومرگی ئوم قەسر باکوور کراون بە مەبەستی پێشکەشکردنی بە دادوەری لێکۆڵەری کارامە.